# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی
# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی
# ئێران

## پەسندکراوی کۆنگرەی ٨

## "کۆنگرەی ٧٠ ساڵەی یەکیەتیی لاوان"

**سەرەتا:**

لە کاتێکدا رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵ، لە پێناوی بەختەوەری کۆمەڵگا و وەدیهاتنی خەونەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی هەنگاو دەنێ و بە دامەزراوەتر دەبێت، سیستمی بەرێوەبەری کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە جەماوەری بوونی هێز و تواناکانی هەیە. وڵاتی ئێمە هێشتا بە هۆی زاڵ بوونی سیستەمێکی دیکتاتۆری، لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دایە.

بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ لە ئێراندا، ئامرازی چەوساندنەوەی گەلانی ئەو وڵاتە و زەوت کردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤەکان و بێدەرەتان هێشتنەوەی چین و توێژە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵ بووە. هەر بۆیە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەمان، لە خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی داهاتوویەکی روون و کراوەی سیاسی بۆ ب ونیادنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و پێشکەوتوو، هاوبەش و ئەرکدارن. جێگیربوونی دێموکراسی و بەرزبوونەوەی بەها مرۆییەکان، وەك مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و دەستەبەرکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان، لە هەموو بووارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، جگە لە هۆکار و چۆنییەتی دەسەڵاتی سیاسی، پێویستی بە کاروچالاکی رێکخراو، سەندیکاو NGOکان هەیە، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا پێناسە دەکرێ.

کاتێك کە باس لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی سەقامگیر بوونی دێموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێ، بوونی چالاکانەی رێکخراوەکان لە کۆمەڵگادا مەرجی سەرەکی جێگیربوون و بەردەوامی سیستمە دێموکراتیکەکانە. کۆمەڵگای مەدەنی بە واتای کۆی گشتی ئەو دامەزراوە و ئەنجوومەن و رێکخراوە کۆمەڵایەتییانەیە کە بە دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێ نەدراون و وەکوو پردی پێوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات چالاکی دەنوێنن و لە ریزبەندی دەسەڵاتی سیاسی و لە ئاستی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگادا کاریگەری زۆریان هەیە.

ئەمڕۆ لاوان چ لەبەر گرینگی رێژەیان لە پێکهات ەی حەشیمەتدا و چ بەو هۆیەوە کە لە رووی سرووشتییەوە، فیداکار و گۆڕانخوازن، گرینگترین هێزی مرۆیی ئێران پێك دێنن. ئەگەر لاوان لە هەر وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، زیاد لە هەر کارێکی دیکە خوازیاری دەستەبەر بوونی ئامانجە سێنفییەکانیانن، ئەوە لە وڵاتی ئێمەدا بە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو ستەمی نەتەوەییان لە سەر بووە و سیستەمێکی تۆتالیتر حاکم بووە و هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی ئازاد و ئازاد ژیانی لێ زەوت کردوون. دەبێ لاوان زیاد لەوەی کە هەڵگری خواستێکی سێنفی و تایبەت بە توێژی خۆیان بن، هەڵگری بەرنامەیەکی پێکهاتەشکێنی دێموکراتیك بن لەو رووەوە پاش دابین بوونی مافی نەتەوایەتی بەستێن بۆ دابین بوونی مافی سێنفی ئەوانیش دێتە ئاراوە.

هەر بۆیە هەوڵدان بۆ رێکخستن و کۆکردنەوەی تواناکان لەم قۆناغە لە خەباتی دێموکراتی و ئازادیخوازیدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بە سەرنجدان بەوەی کە دێموکراسی لە کلتووری کۆمەڵگادا جێی نەگرتووە و پێناسەیەکی روون بۆ تاك و ئازادییەکانی لە ناو کۆمەڵگاکەماندا شکڵی نەگرتووە، بۆیە باشترین میکانیزم کە دەتوانێ داکۆکیکاری ماف و ئازادییەکانی لاوان و پەرە پێدەری ئاگاییان بێت، هەمان رێکخستن لە ناو رێکخراو دایە. بۆیە ئێمە هەرچەندە لە

ڕێکخستن و کۆکردنەوەی وزەکانماندا سەرکەوتوو بین، ئەوەندەش ئاسۆی بەرچاومان روونتر و خەباتەکەشمان بە بەرهەمتر دەبێت. هەر بە سەرنجدان بەم راستییە حاشاهەڵنەگرەش بوو کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێك لە زێڕینترین قۆناغەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، دامەزرا.

دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد پڕە لە سەروەری و لە خۆبردوویی و داهێنانی جوان و بە بەها و هاوکات پاراستنی ئەخلاقی سیاسی و پرەنسیپە مرۆڤایەتییەکان رووخساری خۆی لەو بزاڤەدا بەجوانی دەرخستووە، ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش کۆماری کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخان بوون لە مێژووی ئەم بزاڤەدا، ئەوا دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش ئاماژەیەکی مەزنترە بۆ ئەم وەرچەرخانە و رەسەنایەتی ئەم بزاڤە. بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە و ڕێکخراوی دیکەی تایبەت بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، بزاڤی نەتەوەیی دێموکراتیك، ئاراستەیەکی هەمەلایەن و گشتگیرتری گرتەخۆ کە بە درێژایی ساڵەکانی دوایی، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە رەوتی ئەم بزووتنەوەیەدا بووە و هەیە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو یەکێك لە دەسکەوتە مۆدێرنەکانی کۆماری کوردستان و دینامیزمی پێکهینانی گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە ٣٠ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە کەش و هەوای ئازاد و دێموکراتیکی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا و چالاکییەکانی خۆی لە ژێر ناوی "یەکیەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان" دەست پێکرد. ئەو ڕێکخراوەیە کە تایبەت بە توێژی لاوان بوو، وەکوو یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان لە ئاستی چوارپارچەی کوردستان هاتە نێو کۆمەڵگای کوردی و توانی لە بەستێنە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگادا چالاکی خۆی برەو پێبدات و گۆڤاری " هاواری نیشتمان" وەکوو زمانحاڵی یەکیەتیی لاوان چاپ و بڵاو بکاتەوە.

پاش ئەوەی کۆماری کوردستان لە لایەن دووژمنان کۆمارەوە تێکچوو، ڕێکخراوی لاوان و بەرێوەبەرانیشی پەرتەوازە بوون و یەکیەتیی لاوان هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دووبارەی یەکیەتیی لاوان لە قۆناغی نەهێنیدا خەریکی تێکۆشان بوون. رۆڵی یەکیەتیی لاوان لە راپەرینی بەشکۆی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ و شۆڕشی گەلانی ئێران بەرچاوە. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ( ١٣٥٧ی هەتاوی بەرابەر ١٩٧٨ی زایینی) یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فەرمی لە ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی دەستی بە تێکۆشانی خۆی کردەوە و ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی یەکەمین دەستەی بەرێوەبەری دادەمەزرێنێ و توانی بۆ ناو شار و ناوچەکانی کوردستان پەرە بستێنێ و بنکەکانی خۆی دابمەزرێنێ و لە هەمانکاتدا گۆڤاری " لاوان" چاپ و بڵاو بکاتەوە. لەم قۆناغە مێژووییەدا یەکیەتیی لاوان وەکوو "پێشمەرگە" لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بۆ بەرگری لە خاك و بەها نەتەوەییەکان دەستی بە تێکۆشان کرد کە شەهید بوونی سەدان لاوی خوێن گەرم و دەروەستی ئەم نەتەوەیە، لە بەرەکانی بەرگری لە ئازادی و مافی نەتەوەییدا، بەڵگەی ئەم راستییەن. لەم قۆنا غەشدا دوژمنانی گەلەکەمان مەودا نادەن کە ئەو ڕێکخراوەیە ئەرکە سێنفییەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ، بۆیە یەکیەتیی لاوان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و بەرگری لە نەتەوەکەی شاخەکان دەکاتە سەنگەری بەرخۆدان و راچەنین.

قۆناغی سێهەمی مێژوویی یەکیەتیی لاوان لە ساڵی ١٣٧٨ دەست پێدەکاتەوە و لە ٤ ـ ٦ی بەفرانباری ١٣٧٩دا یەکەمین کۆنگرەی خۆی بە سەرکەوتوییەوە بەست و توانی پرۆگرامێکی دێموکراتیكو لەسەر بنەمای ویستو داخوازییەکانی لاوان لە ئێرانو کوردستاندا پەسند بکاتو ئۆرگانەکانی خۆی رێك بخاتەوە.

دامەزرانی یەکیەتیی لاوان بە کۆکردنەوەی هێز و تواناکانی گرینگترین توێژی کۆمەڵگا واتە لاوان، توانی گرووتینێکی پتر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی – دیموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ببەخشێ، کە لە لووتکەی ئەو بزاڤە دا رێبەری ناودار و جوامێری نەتەوکەمان د. قاسملووی هەرگیز نەمر دەبینین کە تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەست پێکرد و و بە هەول و تێکۆشانی بێوچانی خۆی لە یەکیەتیی لاوان و پاشان لە حیزبی دێموکرات دا سیاسەت و ئیستراتیژیەکی نوێی بۆ ئەم بزاڤە هێڵکاری کرد کە هەنووکەش رێبوارانی ئەو رێگا پیرۆزە بە شانازییەوە لەو راستە رێیەدا رێ دەکەن.

رابردووی تێکۆشانی لاوان لە کوردستانی ئێراندا، چ لە بواری سێنفی و چ لە چوارچێوەی جووڵانەوەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی گەلەکەماندا، بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیشان دەدا کە هیچکات لە بەجێگەیاندنی ئەرکە نەتەوەییەکانیان، درێغیان نەکردووە و هەمیشە لە ریزەکانی پێشەوەی خەباتدا بوون. هەست بە بەرپرسایەتیکردن و لە خۆبردوویی لاوانی کورد ئەنجامی راستەوخۆی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە بوو کە رێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامی، بەسەریاندا سەپاندوون. ئەم رێژیمانە نەك تەنیا پەروەردە کردن و گرینگینەدان بە پرسی لاوانیان پشت گوێ خستووە، بەڵکوو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەشدا بوون، کە لە رێگەی پێکهێنانی کەند و کۆسپی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، لە ئەرك و هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، دوریان بخەنەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی، هەمیشە وەك یەکیەتییەکی دەروەستو کارامە، هەوڵی داوە لە هەموو سەنگەرەکانی داکۆکی کردن لە پاراستنی شووناس و بەها نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی دا، خەبات بکات. هەر لە بەشداری لە بەرگری چەکداریەوە بگرە تا خەباتی دیپلۆماسی، لە هەمبەر گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەی لاوانی کورد بۆ نێو ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و کولتوورییەکان.

لە سەردەمانی حکومەتی پاشایەتیدا و دوای روخانی کۆماری کوردستان، ئەگەرچی هەلومەرجی خەباتی ئاشکرا نەبوەو ـ قەدەغە بووە، بەڵام لاوانی تێکۆشەر هەر بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەفادار بوون و ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانیان پشت گوێی نەخستووە.

خەبات و چالاکیەکانی یەکیەتیی لاوان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم رێکخراوەیە دەتوانێ ئۆرگانیزاسیۆنێکی باش بێت بۆ ناساندنی کێشەی نەتەوەیی و لەقاودانی چەوسانەوە لە لایەك و هێماش بێ بۆ باشتر پەروەردە بوونی لاوان و ئاشنا بوونیان بە دێموکراسیو خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانیان. هەر لە راستای هەوڵدان بۆ ناساندنی کێشەی کورد و چوونە نێو کۆمەڵگای جیهانی، خۆی بە دەروەست دەزانێ و بە ئەندام بوونیشی لە رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست و زۆر رێکخراو و ناوەندی جیهانی تایبەت بە لاوان، بە رێگایەکی باش و کارامە دادەنێ لە هەمبەر دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەدا.

ئەمڕۆ لاوان چ لە ئێران بە گشتی و چ لە کوردستان بە تایبەتی، لە هەل و مەرجێکی دژواردان و هەر ڕۆژەو زیاتر لە لایەن دیکتاتۆرانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتە، هەوڵی لە نێو بردن و بێ ڕێزی و سوکایەتییان پێ دەکرێ. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە خەباتی لاوان و چالاك یەکانیان، دەتوانن مەترسیەکی گەورە بن بۆ نەمانی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت. کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە بیری ئازادیخوازی و چوونەسەری ئاستی وشیاری نەتەوەیی لاوان دەترسێ. لاوی ئەمڕۆ، لاوێکی بە هەست و ئارمانج خوازە، هەر بۆیە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی، چاوەروان دەکرێ بیری نوێخوازی لاوان بە سەر بەستەڵەکی کۆنەپەرستیدا زاڵ بێت .

یەکیەتیی لاوان قوتابی و پەروەردەی مەکتەبی دێموکرات و کۆماری کوردستانە و لە پێناوی ئەو ئام انجەشدا شانبەشانی خەباتی میللی - دێموکراتیکی نەتەوی کورد تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی شەهیدان "قازی، قاسملوو، شەڕەفکەندی" و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان خەبات دەکات . بۆیە پێویستە لاوان بۆ بەشداری لەو ڕێگایەدا هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆیان بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزو مروڤانییە بخەنەگەڕ.

یەکیەتیی لاوان بە پشت بەستن بەم بەرنامەوپێڕەوە دێموکراتیك و سەردمیانەیە، خەبات بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە کولتورێکی چەقبەستوو دەکا و لە پێناو دێموکراتیزەکردنی کولتووری کوردی درێژە بە تێکۆسانی خۆی دەدات.

یەکیەتیی لاوان باوەڕی بە ئازادی بیروڕا و دەرفەتی یەکسان لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە و پێی وایە دەبێ پێداویستی خۆشگوزەرانی و دەرفەتی کار ی بۆ برەخسێندرێت وبواری لەباری بە مەبەستی خوێندن بۆ ئامادە بکرێ، ڕێز لە بیرووباوەڕ وشێوەی بیرکردنەوەکانی بگیردرێ و داهاتووی ژیانی هیوا بەخش بێت .

بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرانی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو بەرنامەو پێڕەوە ـ کە پەسەندکراوی کۆنگرەی هەشتەم کۆنگرەی " ٧٠ ساڵەی یەکیەتیی لاوان " و لە ژێر دروشمی " ئەمڕۆ خەبات دەکەین، بۆ ئەوەی سبەی بە ئازاد بژین " دەکەنە بنچینەی کارو کردەوەو تێکۆشانی خۆیان و یەکیەتییەکەیان، بەرنامەو پێڕەوی نوێ ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی کوردستانو ئێرانەو بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ڕەسالەت و ئەرکانەوە دارێژراوە کە قۆناغی تازەی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان خستوویەتە سەرشانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

# بەشی یەکەم:

# بەرنامەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

فەسڵی یەکەم:

لە پێوەندی لەگەڵ تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگادا

١. هەوڵدان بۆ پێکهێنان و جێگر کردنی کۆمەڵگایەك لەسەر بنەماکانی دێموکراسی و هەروەها ئەو بنەمایانەی سۆسیالیزم، کە لە گەڵ دێموکراسی و فرەیی و مافەکانی مرۆڤ دەگونجێن، لە پێناو ژیانێکی گوونجاو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

٢. پشتیوانی کردن لە گەیشتن بە حکوومەتێکی دێموکرتیکی فیدراڵ و سێکولار و پلۆرالیستی.

٣. پتەوکردنی هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ لاوانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە باوەڕیان بە مافی نەتەوایەتی گەلان لەو وڵاتەدا هەیە، لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیك.

٤. تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی کەرەستەی زانیاری و تێکنۆلۆژیای سەردەم، بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

٥. هەوڵدان بۆ رەخساندنی دەرفەتی کار و خۆپێگەیاندنی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە لایەن دەسەلات.

٦. گوشار خستنە سەر دەسەڵات، لە پێناو دابەشکردنی داهاتی سەرجەم سەرچاوە سروشتیەکان و داهاتی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بۆ نەهێشتنی هەژاری.

٧. پشتیوانی کردن لە چین و توێژە سێنفییە دێموکراتیکەکانی کۆمەڵگا، تا لە رێگەی رێکخراو و رێکخستنی تایبەت بە خۆیان ویست و داخوازەکانیان، بێننە دیی.

٨. لەقاودان و بەربەرەکانێ لە گەڵ هەرجۆرە سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە و نەشیاو لە گەڵ سەردەم، کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، پشت گوێ بخا و ببێتە هۆی هەڵاواردنی مرۆڤەکان.

٩. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یاسایەروەری و پشتیوانی کردن لە پەرەپێدانی فەرهەنگی دیالۆگ و پێکەوە سازان، لە کۆمەڵگادا.

١٠ . هەوڵدان بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤ سالار و نەهێشتنی هەڵاواردن لە نێوان کچ و کوڕ لە کۆمەڵگادا .

## فەسڵی دووهەم:
## لە پێوەندی لەگەڵ لاواندا

١. هەوڵدان بۆ ئەوەی، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و ئێراندا، بەرنامەیەکی گونجاویان بۆ گەشەپێدانی ژیان و رەوشی لاوان بە پێی ستراتیژیێکی نیشتمانی وگشتگیر و بەردەوام لە هەموو بووارەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری، زانستی و وەرزشی و...) هەبێت.

٢. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی تووشبوونی لاوان بە تاوان و لادانی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی کردن لە ناوەندە چاکسازیە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت ناوەندی بنەبڕکردنی ئیدز و ئێعتیاد.

٣. گرنگیدان بەو لاوانەی، کە خاوەن پێداویستی تایبەتن یا گیرۆدەی نەخۆشیەکی جەستەیی و دەروونین و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگایەك کە ئیمکاناتی لە بار بۆ چارەسەرکردن و پێڕاگەیشتنیان دابین بکا.

٤.هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی فەرهەنگی بە زۆر مەجبوورکردنی کچان و کوڕان لە پێناو پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و قەدەغە کردنی بە هەموو شێوەیەك .

٥. پەرەپێدان بە کارو چالاکی هونەری و فەرهەنگی و وەرزشی لە نێو لاواندا و دابینکردنی کەرەستەی تەفریحی و رێکخستنی گەڕان و گەشتی بەکۆمەڵ.

٦. هەوڵدان بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدان و پەرەسەندنی تواناکانی لاوان.

٧. پشتیوانی کردن لە دامەزراندنی سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، بۆ لاوان.

٨. دروست کردنی پردی پێوەندی لە نێوان لاوان و دەسەڵات و گەیاندنی دەنگی لاوان، بۆ ناوەندەکانی بڕیار لە دەسەڵات و رەنگدانەوەی ویست و داخوازییەکانی لاوان لە بڕیارە سەرەکییەکاندا.

٩. هاندان و پەروەردەکردنی لاوانی کوردستان بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ دیاردە دزێوەکان و ئەو بەربەست و گیرو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی، کە لە نێو کۆمەڵدا هەن یا سەرهەڵدەدەن و دەبنە کۆسپی سەر رێگەی پێشکەوتن.

١٠. گووشار خستنە سەر حکوومەت بۆ پشتیوانی کردن لە هەر سیستەمێکی تایبەت بۆ دۆزینەوەی تواناکانی لاوان و بەکارخستنیان لە کەرتەکانی وەبەرهێنان.

## فەسڵی سێهەم:

## لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا

١. بەشداری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی نەتەوی کورد، لە کوردستانی ئێران و پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دێموکراتیکی، نەتەوەکانی ئێران.

٢. یەکیەتیی لاوان، حیزبی دێموکرات بە رێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانێ .

٣. خزمەت و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد و دەسکەوتەکانی خەباتە رەوا و نەتەوایەتییەکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

٤. هەوڵدان لە پێناوی باوەڕ پێهێنانی دەسەڵاتی سیاسی (ناوەند) بە واقعییەتی کۆمەڵگای ئێران و بە رەوا زانینی مافی دیاری کردنی چارەنووس، بۆ نەتەوەکان.

٥. دروست کردنی پەیوەندییەکی پتەو لە گەڵ لاوان و رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

٦. دامەزراندنی پەیوەندی و هاوکاری پتەو لە گەڵ کۆمەڵ و رێکخراوە دێموکراتیك و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و ئێران، لە پێناوی خزمەت بە پێشخستنی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

٧. هاندان و پەروەردەکردنی لاوانی کورد بۆ تێکۆشان لە پێناوی بوژاندنەوە و پاراستنی کولتوور، زمان، فۆلکلۆر و هونەری رەسەنی نەتەوەی کورد و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان.

٨. دابینکردنی بەستێنی گونجاو، بۆ پەرەپێدانی کولتوور، زمان، فۆلکلۆر و هونەری رەسەنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان.

٩. ناساندنی داخوازە رەواکانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە نەتەوایەتییە ـ دێموکراتییەکەی، بە گەلانی جیهان.

## فەسڵی چوارەم:
## لە پێوەندی لە گەڵ خوێندندا

١. هەوڵ و تێکۆشان بە مەبەستی بنەبڕکردنی نەخوێندەواری، لە نێو منداڵان و لاوانی کوردستاندا و هەنگاونان لە پێناوی بە"اجباری"کردنی خوێندن، بۆ منداڵان تا تەمەنی ١٥ساڵ.

٢. هەوڵدان بۆ داڕشتنەوەی بەرنامەکانی خوێندن و راهێنان بە بیروباوەڕێکی پێشکەوتووانە و لابردنی شوێنەواری هەر ئیدئۆلۆژییێکی کۆنەپەرستانە و شۆڤێنیستی، لە بەرنامەکانی خوێندندا و داڕشتنەوەی بەرنامەکانی خوێندن بە شێوازێکی مۆدێرن و سەردەمیانە (سێکولار) بێت.

٣. هاوکاری و یارمەتی کردنی قوتابیان و خوێندکارانی هەژار بۆ درێژەدان بە خوێندن، بە هەموو رێگایەکی گونجاو و گەڕاندنەوەی ئەو لاوانەی کە لە خوێندن دابڕاون و هەوڵدان بۆ مسۆگەر کردنی خوێندنی بە خۆڕایی بۆ هەموو کەس تا بەرزترین پلەی خوێندن.

٤. خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لە مێژینەی بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو بوارەکانی فیرکردن و راهێناندا و شارەزاکردنی قوتابیان و خوێندکاران بە مێژووی نەتەوەی کورد و گونجاندنی سیستمێکی پەروەردەیی نیشتمانی، لە بەرنامەکانی خوێندندا.

٥. بایەخدان و دابینکردنی دەرفەتی خوێندن، لە دێ و ناوچە دوردەستەکانی کوردستان.

٦. هەوڵدان بۆ دابین کردنی بۆرسی خوێندن بۆ لاوان، بۆ چوون بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لە دوای تەواوکردنی خوێندن، لە راستای خزمەت بە ئامانجە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد .

## فەسڵی پێنجەم:
## لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا

١. هەوڵدان بۆ بوونە ئەندام لە ناوەند و رێکخراوە جیهانییە دێموکراتیکەکان بە گشتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پێوەندیدار بە لاوان بە تایبەتی.

٢. هەوڵدان بۆ ناساندنی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بە نەتەوەکانی دیکە.

٣. پشتیوانی کردن لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ جێگر کردنی هەموو خاڵ و بەندەکانی.

٤. پشتیوانی کردن لە خەباتی لاوانی ئازادیخوازی جیهان، بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانیان.

٥. هەوڵدان و پشتیوانی لە خەبات بەدژی تێرۆریزم بە هەموو ئامرازەکانییەوە و مەحکووم کردنی هەموو چەشنەکانی تێرۆر، کە لە ژێر هەر ناو و ئیدئۆلۆژییێك بێت.

٦. یەکیەتیی لاوان هەوڵدەدات بۆ بەرجەستە کردنی پرسی نەتەوەیی کورد بە گشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی لە (IUSY) و هەموو رێکخراوە جیهانییەکانی تر، و هەروەها هەوڵدان بۆ مسۆگەر کردنی پشتیوانیان لە خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد و لاوانی کورد لەو رێکخراوانەدا.

## بەشی دووهەم:

# پێڕەوی نێوخۆی
# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ماددەی یەکەم:
ناو و ئامانجە سەرەکییەکان

١. ناوی رێکخراو (یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران) ە و لە هەموو جێگایەکی ئەم پێڕەوی نێو خۆییەدا بە "یەکیەتیی لاوان" ناو دەبرێت.

٢. یەکیەتیی لاوان رێکخراوێکی "سیاسی - سێنفی، دێموکراتیك"ە کە بۆ پێگەیاندن و رێکخستنی لاوان لە رێگای خزمەت بە ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد و رێزگرتن لە مافی گەلانی دیکەی ئێران تێدەکۆشێ و لە پێناو دابینبوونی مافەکانی لاوان و وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە کوردستانی ئێراندا و پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە بنەماکانی سۆسیالیزم و دێموکراسی تێیدا جێگیر کرابێ، خەبات دەکات.

ماددەی دووهەم:

## ئەندامەتی لە یەکیەتیی لاوان دا

هەموو هاووڵاتییەکی لاوی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو لاوێکی کوردی ئێرانی دەتوانێ ببێتە ئەندامی یەکیەتیی لاوان بەو مەرجانە کە:

١ـ بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوان قەبووڵ بکا و بۆ جێبەجێ کردنیان تێبکۆشێ.

٢ـ تەمەنی لە ١٥ هەتا ٣٥ ساڵ بێ.

٣ـ ئەندامی هیچ رێکخراوێك نەبێ کە ئەندامەتی لەوێدا لەگەڵ بەرژەوەندی و ئەرکی یەکیەتیی لاوان و ئامانجەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی نەتەوەی کورد دا نەگونجێ.

٤ـ فۆرمی ئەندامەتی یەکیەتیی لاوان پڕ بکاتەوە و کومیتە ناوچەکەی تەئیدی بکات.

**تێبینی:**

١ـ هەر لاوێکی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە کوردستانی ئێران کە لەگەڵ هاوڵاتیەکی کوردی ئەو بەشە ژیانی هاوبەشی پێکهێنابێ دەتوانێ ببێ بە لایەنگری تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان.

٢ ـ مێرمنداڵانی تەمەنی ١٣ و ١٤ ساڵان، دەتوانن وەکوو لایەنگر لەیەکیەتیی لاواندا ناو نووسی بکەن.

## ماددەی سێهەم:

## ئەرك و مافەکانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان

ئەرکی ئەندامی یەکیەتیی لاوانە کە:

١ـ لە تێکۆشانی خۆیدا پێڕەوی نێوخۆیی یەکیەتیی لاوان رەچاو بکا و بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی تێکۆشێ.

٢ـ پێڕەوی لە دیسیپلینی نێوخۆیی یەکیەتیی لاوان بکا و نهێنییەکانی بپارێزێ.

٣ـ بەرگری لە ئامانج، سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکیەتیی لاوان بکاو بۆ بەهێز کردنی ریزەکانی یەکیەتیی لاوان تێبکۆشێ.

٤ـ بۆ پێکهێنان و پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ توێژەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی لاوان، تێبکوشێ و لە بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکیەتیی لاوان ئاگاداریان بکاتەوە و لاوان هان بدا لە دەوری یەکیەتیی لاوان کۆببنەوە.

٥ـ لە کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی لاواندا بەشدار بێ و بڕیار و راسپاردە و سیاسەتەکانی یەکیەتیی لاوان بڵاوبکاتەوە.

٦ـ بڕیارو راسپاردەکانی ئۆرگانی سەرەوی خۆی بەپێی پرنسیپەکانی رێکخراوەیی جێبەجێ بکا.

٧ـ بۆ بردنەسەری ئاستی ئاگایی و پلەی زانیاری خۆی تێبکۆشێ و کەسانی دیکە لەو بوارەدا هان بدا.

٨ـ حەقی ئەندامەتی بدات.

٩- ناو و ناوبانگ و ئیمکانات و سەروەرییەکانی یەکیەتیی لاوان بپارێزێت و بەرژەوەندی یەکیەتیی لاوان فیدای بەرژەوەندی تاکەکەس نەکات .

هەموو ئەندامێکی یەکیەتیی لاوان مافی ئەوی هەیە کە:

١- بە ئەندامی هەر کام لە ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردرێ و بۆ هەڵبژاردنی ئۆرگانەکان دەنگ بدا.

٢- لە رێگای تەشکیلاتییەوە بیرو بۆچوون، رەخنە و پێشنیار بدا بە هەموو ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان.

٣- هەموو ئەندامێکی یەکیەتیی لاوان مافی رادەربڕین لەسەر بڕیار و راسپاردەکانی یەکیەتیی لاوانی هەیە.

٤- بەرامبەر هەر بڕیارێك کە لە ئۆرگان یا هەر کۆبوونەویەك لە سەر ئەو دەدرێ بەرگری لە خۆی بکاو پاش ئەوەی بە زۆرینەی دەنگی ئۆرگانی سەرەوەتر سزای بۆ دیاری کرا پابەندی بریار بێ.

٥- بە لە بەر چاو گرتنی هەموو ئوسووڵ و پرەنسیپەکانی رێکخستن لە رێکخراودا، ئاگاداری بڕیار و هەڵوێستەکانی بێ.

ماددەی چوارەم:

سزای ئەندام

ئەندامی یەکیەتیی لاوان ئەگەر ئەو ئەرکانەی کە لە ماددەی سێهەمدا دیاری کراون لە کاتی پێویست دا جێبەجێ نەکا بە پێی جۆری کەمکارییەکەی سزا دەدرێ.

**سزای ئەندامی یەکیەتیی لاوان بە پێی جۆری کەمکاری و بەم شێوەی خوارەوەیە:**

- ئاگادار کردنەوە.
- سەرکۆنە بە نووسراوە.
- لێ ئەستاندنەوەی بەرپرسایەتی.
- لێئەستاندنەوەی پلەی رێکخراوەیی بەماوەی مانگێك تا شەش مانگ.
- هەڵپەساردنی ئەندامەتییەکەی لە مانگێکەوە تا شەش مانگ.
- دەرکردن لە یەکیەتیی لاوان.

**تێبینی:**

١- مەبەست لە سزای رێکخراوەیی پێگەیاندنی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێت کە رێگەی دیکە وەك رەخنە، رێنوێنی و قەناعەت پێهێنان لە باش کردنی ئاکاری ئەودا کاریگەری نەبێ.

٢- درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ٦ مانگە، لەو ماوەیەدا ئەندامی هەڵپەسێراو ناتوانێ بە ئەندامی هیچکام لە ئۆرگانەکانی رێکخراو هەڵبژێردرێت.

٣- ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش تەواو کردنی ماوەی سزاکەی، رابردووی تێکۆشانی لە رێکخراوەدا بۆ لەبەرچاو دەگێردرێت و لە رێگای ئۆرگانی سەرەوەتر کاری بۆ دیاری دەکرێت.

٤- بڕیار لەسەر سزای ئەندام لە کۆبوونەوەی ئۆرگانی خۆی یا ئۆرگانی سەرەوەتری یەکیەتیی لاوان دا بە زۆرینەی دەنگ دەدرێ.

٥- ئەندامێك کە بڕیاری سزای بۆ دەدرێ، دەتوانێ بە رێگای نوسراوە لانیکەم تا ٣٠ رۆژ پاش ئاگادار کردنەوەی، داوای پێڕاگەیشتن و چاوپێداخشاندنەوە لە ئۆرگانی سەرەوەتر بکا.

٦- بڕیاری سزادان دەبێ بە ئاگاداری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی بگەیەندرێ.

٧- ئەرکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتییە کە داواکاری پێداچونەوە بە سزا، لە کوبونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی دا بێنێتە بەر باس و پێداچوونەوە.

## ماددەی پێنجەم:
## هەڵبژاردن و بڕیاردان

هەڵبژاردنەکان و بڕیاردان لە نێو ریزەکانی یەکیەتیی لاوان بەم شێوازانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێن:

١- بۆ هەڵبژاردن و پەسەندکردنی بڕیار لە هەر ئۆرگانێك، پێویستە نیوەی کۆی یەکی دەنگەکان بە دەست بێنێ.

٢- دەنگدان بۆ بڕیار، بە شێوەی ئاشکرا و هەڵبژاردن بە شێوەی دەنگدانی نهێنی دەبێت.

## ماددەی شەشەم :
## بنەمای رێکخستنی یەکیەتیی لاوان

بنچینەی رێکخستنی یەکیەتیی لاوان لەسەر بنەما دێموکراتیکەکان پێکهاتووە، ئەوەش بەو مانایەیە کە:

١- هەموو ئەندامانی یەکیەتیی لاوان بەپێی پرنسیپەکانی رێکخراوەیی مافی وەك یەکیان لە هەڵبژاردندا هەیە.

٢- هەمو ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە هەڵبژاردن و بە دەنگی زۆرینە دادەمەزرێن و بەڕێوە دەچن.

٣- دەبێ بڕیارەکانی ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەتر جێبەجێ بکرێن.

٤- ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان لە سەرێ بۆ خوارێ و لە خوارێ بۆ سەرێ راپۆرتی تێکۆشانی خۆیان دەدەنەوە بە یەکتر.

٥- بۆ هەموو ئەندامانی ئۆرگانێك بەبێ جیاوازی یەك دیسیپلین هەیە، کە دەبێ پەیڕەویی لێ بکەن.

٦- باس کردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئۆرگانەوە بۆ خوارترین ئۆرگان بۆ هەموو ئەندامانی ئۆرگانە.

## ماددەی حەوتەم:

## کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان

کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانە. کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان هەر ٢ ساڵ جارێك بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و راوێژکارانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و ئەو رێژەیەی کە بەڕێوەبەریی گشتی دیاری دەکا بۆ کۆنگرە، لە نوێنەرانی ئەندامانی لاوان پێك دێت.

ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە ئەمانەن:

١- گوێ بۆ راپۆرتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دارایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی رادەگرێ و پاش باس و لێکۆڵینەوە بڕیاری لەسەر دەدا.

٢- پێداچوونەوە بەسەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی لاوان دەکا و ئەگەر پێویست بوو ئاڵوگۆری بەسەر دا دێنێ و پاشان پەسەندی دەکا.

٣- ئایننامەی کاری بەڕێوەبەری گشتی و گەڵاڵەی کاری دەرەوەی وڵات پەسەند دەکات و کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە ماوەی دوو کۆنگرە دا دەخاتە بەرباس.

٤- رێباز و ستراتیژی و کارو تیکۆشانی یەکیەتیی لاوان تا کۆنگری دواتر دیاری دەکا.

٥- کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و جێگری بەڕێوەبەریی گشتی هەڵدەبژێرێ.

## ماددەی هەشتەم:

## کۆنگرەی نائاسایی یەکیەتیی لاوان

**کۆنگرەی نائاسایی یەکیەتیی لاوان لە کاتێك دا دەبەسترێ کە:**

١- گیروگرفتێکی وا هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی نەتوانێ چارەسەری بکا.

٢- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.

٣- ٢/٣ دوو لەسەر سێی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان یان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکەن.

٤- لە هەلومەرجێکی وا دا کۆنگرەی نائاسایی یەکیەتیی لاوان دەسەڵاتیی کۆنگرەی هەیە.

٥ـ کۆنگرەی نائاسایی یەکیەتیی لاوان لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و راوێژکاری کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتی و نوێنەرانی ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان پێك دێ.

٦ـ رادەی نوێنەرانی هەر ئۆرگانێك لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتییەوە دیاری دەکرێن. لەو کاتەدا دبێ رادەی نوێنەرانی ئۆرگانەکان لە ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و راوێژکارانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی، زیاتر بن.

## ماددەی نۆهەم:

## کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی

لە نێوان دوو کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان دا، کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی وەك بەرزترین ئۆرگانی یەکیەتیی لاوان کاروباری یەکیەتیی لاوان بەڕێوە دەبا. کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی لە بەرامبەر کۆنگرەدا بەرپرسیارە.

**ئەرك و دەسەڵاتی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی ئەمانەن:**

١ـ بڕیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ بکا.

٢ـ هەیئەتی ئیجرایی، سکرتێر و جێگری سکرتێر هەڵدەبژێرێ.

٣ـ سەرپەرستی هەموو ئۆرگانەکانی یەکیەتیی لاوان دەکا و راپۆرتەکانیان هەڵدەسەنگێنێ و لە کاروبارەکانیان دەکۆڵێتەوە.

٤ـ دەتوانێ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی خوارەوەی خۆی دا بکا، تەنها بە مافی پێشنیار.

٥ـ بەرپرسی پێوەندیی یەکیەتیی لاوان لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەیە.

٦ـ چاوەدێری بەسەر داهات و دەرکەوتی یەکیەتیی لاواندا دەکا.

٧ـ رادەی "ئابوونەی ئەندامەتی" دیاری دەکا.

٨ـ بەرنامەی شەش مانگە بۆ کاروتێکۆشانی خۆی دادەنێ و بەرنامەکانی ئۆرگانەکانی خوارەوەی خۆی پەسەند دەکا.

٩ـ دەبێ لانیکەم سێ مانگ جارێك، کۆ ببێتەوە.

١٠ـ لەسەر شوێن و کاتی کۆنگرە بڕیار دەدا و رێژەی نوێنەرانی ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە کۆنگرەدا دیاری دەکا.

١١ـ ئایین نامەی هەیئەتی ئیجرایی دادەنێ، پێداچوونەوە بە ئائین نامەی نێوخۆیی ناوەندەکان و سەرجەم کۆمیتەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکا و پاشان پەسەندی دەکا.

١٢ـ دەتوانێ کۆنگرەی نائاسایی یەکیەتیی لاوان بە پیێ ماددەی ٨ پێك بێنێ.

تێبینی:

١ـ کەسانێك دەتوانن ببنە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی کە لانیکەم دوو ساڵ ئەندامەتییان لە یەکیەتیی لاواندا هەبێ.

٢ـ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی بە بەشداری دوو لە سێی ئەندامانی ئەسڵی رەسمییەت پەیدا دەکەن و بڕیارەکان وەختێك قەتعی دەبن کە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ئەسڵی دەنگیان بۆ بدەن.

٣ـ ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتیی لاوان نابێ ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی هیچ ڕێکخراوێکی تر بێ. - لاوانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات دەتوانن ببنە ئەندامی بەڕێوەبەری ڕێکخراوە سینفییە بیانیەکان کە سەرجەم بنەما و یاسا دێموکراتیکەکان بەڕێوە دەبن.

٤ـ کەسانێك دەتوانن خۆیان بۆ بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوان کاندیدا بکەن کە تەمەنیان لە سی دوو ساڵ زیاتر نەبێ.

٥ـ کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی دەتوانێ هەتا دوو لەسێی ئەندامانی ئەسڵی ، راوێژکار بۆخۆی هەڵبژێرێ . ئەندامانی راوێژکار لە کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەریی گشتیدا، بەشدار دەبن و دەنگی راوێژکاریان هەیە.

٦ـ هەر ئەندامێکی کومیتەی بەڕێوەبەری ئەگەر بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە و ئەو ئەرك و بەرپرسیارەتیانەی پێی ئەسپێردراوە بە باشی جێ بە جێ نەکات کۆمیتەی بەڕێوەبەری مافی ئەوەی هەیە بەپێی "ئاییننامەی بەڕێوەبەری" سزای بۆ دیاری بکات.

٧ـ هیچ کەس ناتوانێ لە دوو دەورە زیاتر سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان، بێت.

## ماددەی دەیەم:

## هەیئەتی ئیجرایی

لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی دا هەیئەتی ئیجرایی کاروباری یەکیەتیی لاوان بەڕێوە دەبا و لە بەرامبەر کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی دا بەرپرسیارە.

**تێبینی :**

١ـ سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێر و بەرپرسی دەرەوەی وڵات و جێگرەکەی ئەندامی هەیئەتی ئیجراییین.

٢ـ هەیئەتی ئیجرایی مافی گۆڕینی بڕیارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی نیە.

٣ـ لەسەر بابەتی چارەنوس ساز و تایبەت بە یەکیەتیی لاوان دەبێ هەیئەتی ئیجرایی رای بەڕێوەبەریی گشتی وەربگرێ.

٤. هەیئەتی ئیجرایی راپورتی کۆبوونەوەکان و کاری خۆی دەداتەوە بە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی.

٥ـ لە هەلومەرجێك دا کە سکرتێر یان هەیئەتی ئیجرای داوای پێکهێنانی کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتییان کرد، بەڵام ٢/٣ ئەندامان ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوەی دواتر دا بە ئامادە بوونی نیوە بە ئیزافەی یەکی ئەندامان کۆبونەوەکە رەسمیەتی هەیە و بڕیارەکانیش بە دەنگی ٢/٣ بەشدارانی کۆبوونەوەکە پەسەند دەکرێت.

## ماددەی یازدەهەم:

## رێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوان

**رێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوان بریتین لە:**

١ـ پۆل، بناغەی یەکیەتیی لاوان پۆلە، پۆلی دێ یان پۆلی گەڕەك، کە لاوانی دێیەك یان چەند دێی لێك نزیك و لاوانی یەکێك لە گەڕەکەکانی شار لە ریزی خۆی دا کۆدەکاتەوە.

٢ـ کۆمیتەی ناوچە یا کۆمیتەی شار، کە پۆلەکانی دێ و گەڕەك لە ناوچەکان دا سەرپەرستی دەکا.

٣ـ کۆمیتەی شارستان، کە کاروباری کۆمیتەکانی ناوچە و شار سەرپەرستی دەکا.

٤.ئەندامانی کۆمیتەی دێ و گەڕەك لە کۆبوونەوەی ئەندامانی دێ یان گەڕەك دا هەڵدەبژێردرێن و ئەندامانی کۆمیتەی ناوچە و کۆمیتەی شار لە لایەن نوێنەرانی هەموو پۆلەکانی دێ و گەڕەکەوە، لە کۆنفڕانسی ناوچە یان شاردا و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان لە کۆنفڕانسی شارستان دا هەڵدەبژێردرێن.

**تێبینی:**

١ـ ئەندامانی کۆمیتەی ناوچە و شار دەبێ لانیکەم سێ مانگ بێ، بە ئەندام وەرگیرابن و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان دەبێ شەش مانگ بە سەر ئەندامەتییان دا تێپەڕیبێ.

٢ـ لە هەلومەرجی تایبەت دا، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی دەتوانێ شێوەی گونجاوی دیکە بۆ رێکخستنی یەکیەتیی لاوان دابنێ.

## ماددەی دوازدەهەم:

## داهاتی یەکیەتیی لاوان

**داهاتی یەکیەتیی لاوان لە سەرچاوانەی خوارەوە دابین دەبێ:**

١ـ حەقی ئەندامەتی ئەندامان.

٢ـ یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستان و کۆمیتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی لاوان.

٣ـ داهاتی تێکۆشانی فەرهەنگی و هونەریی یەکیەتیی لاوان.